ئامادەکاری پێشوەختە و نوسراوی فەرمی بۆ زیادکردنی پشکی عێراق لەوەرزی حەجدا

دەستەی گشتی حەج و عومرەی عێراق ئەمڕۆ سێشەممە رایگەیاند، پەیوەندییان بە شانشینی سعودیەوە کردوە بۆ زیادکردنی ژمارەی کورسی حاجیان لە عێراق، لەهەوێشدان بۆئەوەی بەردەوامبن لەپێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ حاجیان.

شێخ سامی مەسعودی سەرۆکی دەستەی حەج و عومرەی عێراق لەلێدوانێکی بۆ ڕاگەیاندنی فەرمی کەموتێع بۆدواداچوونی بۆ کردووە رایگەیاند، "ئەمساڵ سەرکەوتنەکانمان چەسپاند و جەختیدەکەینەوە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەین، عێراقیش سێجار لەسەر یەک خەڵاتی بەیتمی بەدەستهێناوە، ئەمەش ڕێگەمان پێنادات لەسەر پشکی خۆمان پشو بدەین".
ئاماژەی بەوەشکرد، "دەستەکەیان خزمەتگوزاریەکان بەرز دەکاتەوە و پەرەیان پێدەدات بۆ خزمەتکردنی حاجییەکانمان، ئێمەش دەستمان بەکارکردن کردوە بۆ وەرزی داهاتو لەڕووی ڕێنماییەکان، کوالێتی خزمەتگوزاریەکان، چەندین بابەتی دیکەی کە لەوەرزی داهاتودا چەسپاندنیان بۆ دەکەین بۆ پاراستنی ستانداردەکە".
جەختیشیکردەوە کە "بەپشت بەستن بەکارمەندانی دەستەی حەج و عومرەو دەزگا

پاپشتییەکان، خزمەتگوزارییەکان باشتر دەبن لە سانی داهاتو".

سەبارەت بە زیادکردنی پشکی عیراق، سەرکی دەستەی حەج و عومرەی عیراق ڕایگەیاند، "دەستەکەیان کار لەسەر ئەم بابەتە دەکات، نامەیەکی فەرمی بە شانشینی سعودیە ناردوە، چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین، ئەوان لێکدێنەوە لە پرسی جێگیرکردنی شوێنە پیرۆزەکان دەکەن و ئایا دەتوانن ئەو ژمارە زیادە بگرن یان نا".